**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٤**

**مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/٤/٢٨**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٢٤دا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم بڕیارەمان دا:

**یەکەم:** هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٣٥٨)ی ڕۆژی ١٩٧٨/٣/١٦ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی (عێراقی) کە بەموڵک کردنی مافی بەکارهێنانی (تصرف)ی ئەو پارچە وکەرتە زەوییانەی گرتۆتە خۆ کە ئەو بڕیارە دەیان گرێتەوە و لە لیستە هاوپێچەکانی بڕیاری ناوبراودا هاتوون.

**دووەم:** مافی بەکار هێنانی ئەو زەوییانەی کە بڕیاری بەموڵک کردنی ناوبراو لەبڕگەی یەکەمی سەرەوە دەیان گرێتەوە، دووبارە بەناوی خاوەنەکانی پێش دەرچوونی بڕیاری ناوبراو تۆمار دەکرێنەو، بەبێ ئەوەی ڕەسمی تۆمار کردنەوەی مافی بەکارهێنانیان (تصرف) بەناو دەربچێتەوە لێ وەربگیرێت.

**سێیەم:** ئەو ڕووبەرانەی کە دامەزراو وبینای گشتیان لەسەر بنیاد نراوە بەدەر دەکرێت لەحوکەکانی ئەم بڕیارە و زەوی وبینایەکەیان بەناوی ئەو لایەنەوە تۆمار دەکرێن کە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیاری لەسەر دەدات، لەو حاڵەتەی کە بەناوی هیچ لایەنێکی حکومەتی لەهەرێم دا تۆمار نەکرابێ.

**چوارەم:** ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**پێنجەم:** ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێ و لەڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**«هۆیە پێویستەکان»**

سیاسەتی گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی لەکوردستانی عێراقدا کە حکومەتی ناوەندیی لە بەغدا پەیڕەوی دەکات، گەلێک شکڵ و شێوەی وەرگرتووە، هەر لەنێوانی هەڵمەتی لەناوبردنی بەکۆمەڵ و سیاسەتی زەوی سووتێنراو و موڵکی تایبەتی بەزۆر لێ سەندنەوە بەپێی یاساو بڕیاری بەدەر لەیاسا وکردنیان بەموڵکی گشتی وتۆمار کردنیان بەناوی وەزارەتەکانی حکومەتی ناوەندیی یاخود لایەنە سەربازییەکان، بەبیانووی جۆراو جۆر، کە بەناو بۆ بەرژەوەندیی گشتی و پێویستیەکانی ئاسایش یاخود پەرەپێدانی ئەو ناوچانەیە کە ئەو کردارە ناوبراوانە دەیان گرێتەوە. کەچی راستییەکەی گۆڕینی واقیعی نەتەوەییە و ڕووتکردنەوەی هاوولاتیانی کوردستانە لەمافی موڵکایەتی کردنی ئەو زەوی وزارانەی کە بەبێ کێشە لەماوەی هەزاران ساڵەوە تەسەروفیان پێکردووە، تاکو مافی وەدەست هاتوویان کە لەباوک و باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە، پاکتاو بکرێت و پەیوەندیی مێژوویی لەنێوان رۆڵەکانی کوردستان و نیشتمانەکەیان بپچڕێن، تاکو بە ئاسانی سیاسەتی بە عەرەب کردن و گۆڕینی واقیعی نەتەوەییان بەسەردا بسەپێنن، لەبەر ئەوەی ئەم بڕیارەی کە بڕیاری لەسەر دراوە هەڵوەشێنرێتەوە یەکێکە لە ئامرازەکانی جێ بەجێ کردنی سیاسەتی ناوبراو، بۆیە ئەم بڕیارە دەرهێنرا.